# هونەری دیجیتاڵی  (Digital Art)

کاریگەری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا نەك تەنها کاری کردۆتە سەر گۆڕانی  زۆرێك لە دەستەواژە کۆنەکان، بەڵکو یارمەتی نوێکردنەوەی کۆمەڵێك شێواز و  هونەری نوێی داوە، وەك هونەری دیجیتاڵی (Digital Art) ئەو هونەرەی کە هەر لە کاتی سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا هەردەم لە پەرەپێدان دایە، کە یارمەتی بوژانەوەی گەلێك پرۆژەی جیاوازی داوە، بەهۆی دابینکردنی ئامرازی کاریگەر و بەهێز. کەواتە مەبەست لە هونەری دیجیتاڵی چییە؟ دیاریترین جۆرەکانی چین؟

## هونەری دیجیتاڵی چییە Digital Art ؟

مەبەست لە هونەری دیجیتاڵی هەموو ئەو کارە هونەرییانەیە کە لە ڕێگای تەکنەلۆژیاوە ئەنجام دەدرێت، وەك چاککردنی وێنە لەسەر بەرنامەی ئەدۆب فۆتۆشۆپ Adobe Photoshop، یان داتاشینی ژمارەیی، یان هونەری جوڵاندنی وێنە  Animation و هونەری گرافیك و وێنەگرتنی ژمارەیی و جۆرەهای تر.

یەکێك لە باوترین نموونەی هونەری دیجیتاڵی خەیاڵی بریتییە لە ( شاشەکانی کریس مێلك ) کە بە ناسراوە کە ئەویش سێ شاشەی تەلەفزیۆنی گەورەیە وا لە (The Treachery of Sanctuary ) بەکارهێنەرەکان دەکات تێکەڵ بە سێبەری خۆیان ببن لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هونەری ئاڵۆز.

## پێناسەی هونەری دیجیتاڵی :

تێکەڵێکە لە کۆمەڵێك لە کاری هونەری بینراو و کرداری کە پشت دەبەستێت بە ئامرازی ژمارەیی، کە تەکنەلۆژیا و تەکنیکی جۆراوجۆر بە بنەمای ئەم هونەرە دادەنرێن، کە بە بەکارهێنانی ئەوا بەکارهێنەرانی ئەم هونەرە دەتوانن بگەن بە ئامانجەکەیان.

## سەرهەڵدانی هونەری دیجیتاڵی و بەدیارکەوتنی بۆ یەکەمجار:

1- سەرهەڵدانی هونەری دیجیتاڵی و بەدیارکەوتنی بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندی ئەمریکی (ئاندی وارهۆل) بە پشت بەستن بە (Commodore Amiga) کە بریتییە لە کۆمەڵێك لە کۆمپیوتەری کەسی کە کۆمپانیای (Commodore) کە ئەمەیان یەکەم بەرهەمهێنانی هونەری دیجیتاڵی بوو، کە ئەم کۆمپیوتەرە خرایە ڕوو بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ساڵی (1985ز) لە سەنتەری لینکۆڵن لە شاری نیویۆرك، کاتێك وارهۆڵ وێنەیەکی خانمەگۆرانیبێژ (دیبی هاری) چرکاند.

2- ئەو وێنەیەی کە بۆ (دیبی) چرکاندرابوو یەك ڕەنگ بوو کە بە کامیرەی ڤیدیۆ گیرابوو، ئینجا بە بەرنامەی گرافیکی (Propaint) چاککرا، ئینجا وارهۆل ڕەنگی تری بۆ زیادکرد بە یارمەتی تایبەتمەندی پڕکردنەوە (Flood Fills)

3- بەڵام لەو ماوەیەی دواییدا سەرەڕای جیاوازی بیروڕاکان تایبەت بە کاریگەری هونەری دیجیتاڵی و پەیوەستبوونی بە تەکنەلۆژیا لەسەر هونەر بە شێوەیەکی گشتی، ئەوا یەك هەڵوێستییەك هەیە لەلایەن ڕابەرانی هونەری دیجیتاڵی بەهۆی ئەنجامدانی پاڵپشتیکردنی لایەنی داهێنان هونەری تا ڕادەیەکی زۆر، کە هەڵساوە بە ڕەخساندنی هەلێکی زۆر بۆ هەواداران و پسپۆران.

4- دەتوانرێت سوود لە ئامێری کۆمپیوتەر وەربگیرێت تا لە سەرەتاوە تا کۆتایی کارێکی تەواو هونەری بەرهەم بهێنرێت، وەك هونەری کەرتی (Fractal) و هونەری ئەندازەیی (Geometric)، هەروەها دەتوانرێت سەرچاوەیەکی تر هەبێت بۆ چاککردن بەهۆی کۆمپیوتەرەوە، کە بریتییە لە هەموو کارە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی هونەری وێنەی ژمارەیی کاتێك لەسەر تابلۆیەکی دەستی بەهەمان ڕێگا دروستدەکرێت، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر ئینجا چاپکردنی تا بگات بە شێوەی کۆتایی وەك ئەوەی کە وێنەیەکی ڕاستییە.

5- هونەری دیجیتاڵی چەندان جۆری سەرەکی هەیە بەتایبەتی کاتێك هەواداری زۆر بوو لەم کاتانەی دواییدا، هۆی ئەو زۆربونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاسییەتە چاکانەی کە هەیەتی بە جیاوازی لەگەڵ هونەرە کۆنەکە، ئەو خاسییەتانەش زۆر هەلی باشی بۆ ڕەخساندووە لە بەرنامە و ڕێگای جۆراوجۆر و دیزاینکردنی بێسنوور.

## ناوەکانی هونەری دیجیتاڵی

هونەری دیجیتاڵی زۆر ناوی هەیە وەك:

1- هونەری خاسییەتی جۆراوجۆر.

2- هونەری کۆمپیوتەر.

3- هونەری نیگارکێشانی دوو دووری.

4- سێ دووری.

5- هونەری بێ جەستە.

6- هونەری یاریکردن بە وێنە.

## خاسییەتەکانی هونەری دیجیتاڵی :

هونەری دیجیتاڵی کۆمەڵێك خاسییەتی هەیە، لەوانە:

### 1- چالاکی:

هونەری دیجیتاڵی پارەیەکی زۆر دابین دەکات بۆ کڕینی ئامرازەکان، تەنها ئامێرێکی کۆمپیوتەری باش و بەرنامەی تایبەت بە هونەری ژمارەییت پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری ناوازە، بێجگە لە بەکارهێنانی ژمارەیەك لە کەلوپەل ئەگەر جیاوازی پێ بکرێت لەگەڵ هونەری کۆندا کە کارەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە کەلوپەلی جیاوازیپێکراو، وەك وێنەکێشانی تابلۆیەکی ناوازە بە قەڵەمێکی ڕەساس و کاغەزێکی سپی، بەڵام ئەگەر بمانەوێت وورد بینەوە لە جۆرەکانی هونەری ژمارەیی جۆراوجۆر، ئەوا دەبینن کە کەلوپەلەکان تەنها یەکجار پێویستە بکرێن، کە بەبەردەوامی بەکاردێت، پێچەوانەی زۆرێك لە کەلوپەلی هونەر کۆنە گرانبەهاکان کە دەبێت چەند جارێك بیانکڕینەوە.

2- نەرمی نواندن:

ئەوەی کە پەیوەستە بە هونەری ژمارەیی، دەتوانیت لەهەموو کاتێك ڕەگەزێك زیاد بکەیت یان چاکی بکەیت یان بیسڕیتەوە بێ ئەوەی کاربکاتە سەر کەلوپەلەکان یان کڕینی زیاتری کەلوپەل، گرنگ نیە چەند جار شتەکان دەسڕیتەوە، چونکە بەرنامەکە کاری تێناکرێت یان شتێك لە بەرنامەکە کەم ناکات یان بدڕێت یان تێك بچێت لەڕێگای سڕینەوەی زۆر وەك ئەوەی کە لە تابلۆی وێنەکێشانی باو (ئاسایی) زۆر ڕوودەدات. هونەری دیجیتاڵی ئاسانە بۆ بڵاوکردنەوە و دابەشکردن، کە دەتوانێت بە کلیکێك چەندان دانە لە فایلە ئەسڵیەکە کۆپی بکرێت و بڵاوبکرێتەوە لە هەموو شوێنێك، هەروەها بە ئاسانی خەزن دەکرێت بۆ پاراستنی لە تێکچوون و ونبوون.

3- تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەند بە کاریگەرییەکان:

هونەری دیجیتاڵی تاقیکردنەوەیەکی چێژبەخش و باوەڕ پێهێنراوە لە ڕووی هەستی بینینەوە کە لە هونەری باودا بوونی نییە، هەلێکی زۆر دەدات بۆ بەرهەمهێنانی فلیم و وێنەکان، هەروەها ڕێگە بە چاککردنی وێنە و ڤیدیۆ دەدات لەگەڵ بەکارهێنانی هەموو ڕەگەزە دەنگییە جوڵدارەکان (Animation) و جوڵە پێکراوەکان و شتی تر، بە پێچەوانەی هونەرە باوەکان (کۆنەکان).

## گرنگی هونەری دیجیتاڵی Digital Art Important

هونەری دیجیتاڵی گرنگییەکی گەورەی هەیە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کاردا، لە ڕێگای دیزاینە دیجتاڵییەکانی کە خزمەتی چالاکییە بازرگانییەکان دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجیەکانی بە بازاڕکردنییان. ئەگەر یەکێك بیت لە پێشەوای کاری یان خاوەن پڕۆژە سەرەتاییەکان، ئەوا پێویستە پشت بە هونەرمەندێکی هونەری دیجیتاڵی ببەستیت بۆ ئەنجامدانی کارە بازرگانییەکە، بەهۆی:

1- دیزانکردنی بەرهەمەکان:

هونەری دیجیتاڵی یارمەتیت دەدات لە دیزاینکردنی بەرهەمەکان بە شێوەیەکی نایاب و سەرکەوتووانە، شێوەی ژمارەیی بۆ دیزاینکردنی بەرهەمەکان زۆر بڵاوە، دەتوانیت دیزاینێکی دوو دووری یان سێ دووری بەدەست بهێنیت.

## 2- مۆشن گرافیك:

زۆر له بەبازاڕکردنەکان وا به باش دەزانن کە پشت بە ڤیدۆکانی مۆشن گرافیك ببەستن له کارە بەبازاڕکردنەکانیان بەوەی کە بووە بە ئامرازێکی بە بازاڕکردنی نایاب کە دەتوانێت سەرنجی خەڵکێکی زۆر بۆخۆی ڕابکێشێت و کاری لێبکات. گومانی تێدا نییە کە دیزاینی وێنەکانی مۆشن گرافیك پێویستی بە ئامرازەکانی هونەری دیجیتاڵی هەیە بۆ بەرهەمهێنانیان وەك: Photoshop و Adobe After Effects .

## 3- دیزاینی گرافیکی:

دیزاینی گرافیکی لە دیارترین شێوەکانی هونەری دیجیتاڵییە کە خزمەتی ڕووبەرێکی فراوانی چالاکییە بازرگانییەکان دەکات وەك: دیزاینی پڕوپاگەندەکان ، پێناسەی بینین، ڕیکلامەکان، تێرکردن و بەرگکردن، وە زۆرێك لەو شتانەی کە خزمەتی ئامانجە بە بازاڕکردنەکانت دەدات.

## 4- بە بازاڕکردنی ئەلیکترۆنی:

ڕەگەزی بینینی سەرنجڕاکێش کە دیزاینەکانی هونەری دیجیتاڵ فەراهەمی دەکەن ئەوە لە گرنگترین فاکتەرەکانە کە سەرکەوتنی بەبازاڕکردنی ئەلیکترۆنی پشتی پێ دەبەستێت.

## 5- وێنە جوڵاوەکان :

هونەری وێنەکێشانی دیجیتاڵ بەشداری دەکات لە دروستکردنی وێنە جوڵاوەکان، کە یارمەتی دروستکردنی وێنە و نیگار دەدات بە بەکارهێنانی ئامرازە ژمارەییەکان، چاککردنیان، وە دیزاینکردنی ڕەگەزی خەملێنراوی پێویست بۆ تەواوکردنی کارەکە.

## 6- دیزاینکردنی بەرنامەکان:

سیستەمی هونەری بەرنامەکان پشت دەبەستێت بە کۆد و ژمارەی نهێنی، کە ئەمە جۆرێکە لە هونەری دیجیتاڵ کە پێویستی بە کارامەیی ئەندازەیی زۆر بەرز هەیە، بۆ بەکارهێنانی زمانی بەرنامەیی و بەدەستهێنانی دیزاینی ژمارەیی داواکراو وەك: دیزاینەکانی وەیب و ئەوانیتر.

## 7- وێنەگرتنی دیجیتاڵی:

یەکێکی ترە لە هونەری دیجیتاڵی کە پێویستی بە بەکارهێنانی ئامراز و بەرنامەی چاککردنی وێنەکان هەیە. هونەری وێنەگرتنی دیجیتاڵی خزمەتی کەمکردنەوەی تێچوون و خێرایی ئەنجامدان و باشی وێنەکە و ئاسانی بڵاوکردنەوە و خەزنکردنی دەدات بە جیاوازی لەگەڵ وێنەگرتنی فلیمی باو (کۆن).

### بەکارهێنانەکانی تر:

1- زۆرێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هونەری وێنە کێشانی دیجیتاڵی بەکاردەهێنن، جا چ ئەمە چاککردنی وێنە بێت یان ڤیدیۆ.

2- هەروەها بەکاردێت لە زۆربەی فلیمەکاندا، بەتایبەتی لە فلیمە خەیاڵییەکان و فلیم کارتۆنەکان animation بە هەموو جۆرەکانیەوە.

3- کاغەزی دیوارەکان خۆی کارێکی پراکتیکییە لە وێنەکێشانی هونەری دیجیتاڵی.

4- وێنەی وەیب (Stock images) و ئینفۆگرافیك (Infographics).

5- ئایکۆ و هێماکانی تایبەت بە کۆمپانیاکان و خاوەن پرۆژەکان.

6- پروپاگەندەکان و ڤیدیۆکانی مۆشن گرافیك motion graphic .

7- دیزاینکردنی خانووەکان لەڕێگای ئەنتەرنێتەوە لە هەموو قۆناغەکانی بیناکردندا.

لەوەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هونەری دیجیتاڵی بە شێوە جۆراوجۆرەکانی کلیلی گەیشتنە بە ئامانجەکانی بە بازارکردن بۆ هەر چالاکییەکی بازرگانی بێت.

## جۆرەكانی هونەری دیجیتاڵی

هونەری دیجیتاڵی زۆر جۆری هەیە و بە بەردەوامیش پێشدەکەوێت و جۆراوجۆریش دەبێت، بەڵام بیرۆكەكە تەنها یەك شتە، ئەویش: دروستكردنی كارێكی هونەری بەیارمەتی كۆمپیوتەر، واتە ئەم هونەرە هیچ شتێك نییە تەنها ئامرازێكی نوێیە كاری هونەرمەندێك دەكات كە پێشتر دەیانكرد، واتە هونەرمەندە ئەلیكترۆنییەكە بیرۆكەكان و داهێنانەكانی كارەكەی ئەنجام دەدات بە بەكارهێنانی كۆمپیوتەر وەك ئامێرێك، هونەری وێنەی دیجیتاڵی نوێ دابەش دەبێت بۆ سێ بەشی سەرەكی:

1- ناوەندەكانی بینین كە لەرێگای كۆمپیوتەرەوە دروستكراوە Computer-Generated Visual Media

2- وێنەگرتنی دیجیتاڵی Digital photography و ژووری تاریكی دیجیتاڵی .Digital darkroom .

3- هونەری جێگیركردنی دیجیتاڵی .Digital installation art

هەر جۆرێك لە جۆرە سەرەكییەكان چەند دابەشبوونێكی لاوەكییان هەیە، مەرجیش نییە بەكارهێنەرەكە تەنها یەك رێگا بەكاربهێنێت، بەڵكو دەتوانێت لەیەك كاتدا چەند رێگایەك تێكەڵ بكات و بەكارییان بهێنێت بەپێی بیروبۆچوونی خۆی.

## جۆرە لاوەكییەكانی هونەری دیجیتاڵی

جۆرە لاوەكییەكانی هونەری دیجیتاڵی بۆ دوو جۆری سەرەكی دابەش دەبێت:

## یەكەم: هونەری دیجیتاڵی كە بە شێوەیەكی تەواو پشت بە كۆمپیوتەر دەبەستێت

وەك ئاشكرایە كە كۆمپیوتەر بەشێكی سەرەكی پێك دەهێنێت لە هونەری وێنەی دیجیتاڵی، بەڵام بیرۆكەكە لێرەدا ئەوەیە كە ئەم جۆرە لاوەكییانە تەنها پشت بە كۆمپیوتەر دەبەستێت، وە كارەكە پێویستی بە بەكارهێنانی هیچ ئامرازێكی تری دەرەكی نییە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی دروستكردنی كارە هونەرییەكە.

## 1- هونەری خوارزمی:

**هونەری خوارزمی دروست دەکرێت بە بەکارهێنانی خوارزمییەکانی کۆمپیوتەر کە هونەرمەندەکە بەکاری دەهێنێت کارەکەی لەسەر دروستکردنی خوارزمی دیاریکراو دەوەستێت، یان هەندێك جار بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەکرێت بە پێدانی هەندێك ئەرك بۆ کۆمپیوتەرەکە تا کارێکی هونەری وەك یەك دروست بکات، یان جیاواز ئەگەر زانیاری دەرەکی یان هەڕەمەکی زیادکرا بۆ کارەکە.**



**بە جۆرێکی تر، ئەوا بەرپرسیارێتی هونەرمەندەکە تەنها لەسەر دیزاینکردنی خوارزمییەکان دەوەستێت کە ئەرکی کرداری وێنەکێشانەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی، وە بە دەگمەنیش لە هەمان کردار بەشداربێت. لە بەناوبانگترین نموونەکانی هونەری خوارزمی، بریتییە لە تابلۆی ( گوڵداری کات کۆمپتۆن** Kate Compton's Flowers ).

## 2- هونەری کوسەیری یان فراکتڵی Fractal Art

**هونەری کوسەیری یان فراکتڵی لقێکە لە لقەکانی هونەری خوارزمی کە بە شێوەیەکی زۆر گەورە بڵاوبووەوە لەو ماوەیەی دواییدا، کە ئەویش پشت دەبەستێت بە کوسەیرات کە تەنها پسپۆڕەکانی بیرکاری دەتوانن بەکاری بهێنن، بەڵام بە ئاسانی، کوسەیراتەکان بریتییە لە شێوەی ئاڵۆز و بێ کۆتا و لەیەك چوو بە پێشوەری جیاواز.**



**دەتوانرێت کوسەیراتەکان بەکاربهێنرێت لە وێنەی جێگیر و جوڵاو و وێنەی تردا، ئەوەی کە سەرنجراکێشە لە هونەری کوسەیریدا وای لێدەکات بە وردترین جۆری هونەری وێنەی دیجیتاڵی نوێ دابنرێت هەرچەندە گەورەش بکرێت، لێرەدا دووبارەبوونەوەی هەمان شێوەمان هەیە. لە باوترین نموونەکانی هونەری کوسەیری (کۆمەڵەی ماندلبرۆ)یە کە وێنەیەکی ڕووتی مەبەستپێدراو دەگرێتە خۆ.**


### 3- هونەری داتامۆشینگ:

هونەری داتامۆشینگی نوێ بەکاردەهێنرێت لەسەر ڤیدیۆی جۆراوجۆر و وێنەی جوڵاودا GIF . کە پشت دەبەستێت بە لەناوبردنی زانیارییەکان یان یاریکردن پێیان بۆ بەدەستهێنانی لایونی جوانکاری، یان زۆرتر بگونجێ لەگەڵ مەبەستی ناوەڕۆکەکەیدا. وە لە باشترین بەرنامەکانی داتامۆشینگ Datamoshing بۆ سیستەمی iOS و ئەندرۆید، بەرنامەی MushUP.



### 4- وێنەکێشانی کۆمپیوتەر CGI ( Computer-Generated Imagery )

هونەری وێنەکێشانی کۆمپیوتەری، هونەرمەندەکە هەڵدەستێت بە پێدانی ڕێنمایی پیچویست بۆ ئەنجامدانی کارەکە لە کۆمپیوتەردا تا وێنەکە دەگات بە شێوەی کۆتاییەکەی، هونەرمەندەکە بەرپرسە لەسەر بیرۆکەی وێنەکە و پێکهاتەی ڕەنگەکان، ڕۆناکی و شتی تر لە ڕەگەزەکانی تابلۆکە، وە کۆمپیوتەرەکە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ئەو ڕێنماییانە.



زۆربەی زۆری وێنەکانی کۆمپیوتەر (CGI) بریتیین لە وێنەی سێ دووری (3D)، ڕەگەزەکانی وێنەکە لەسەر کۆمپیوتەرەکە دیزاین دەکرێت لەگەڵ دروستکردنی شێوەی سێ دووری، ئینجا گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی. گرنگە ئەوە بزانرێت کە وێنەکە دەرناکەوێت تەنها لە قۆناغی کۆتاییدا نەبێت، واتا هونەرمەندەکە ناتوانێت لەگەڵ پێدانی زانیارییەکان ئەنجامەکانی ڕێنماییەکان ببینێت.

## دووەم: جۆرەکانی هونەری دیجیتاڵی تر

### 1- وێنەکێشانی ڤیکتۆر Vector drawing

**وێنەکێشانی ئاڕاستەکراو یان وێنەکێشانی ڤیکتۆر جۆرێکە لە جۆرەکانی وێنەکێشانی ڕێکو پێك کە پشت دەبەستێت بە شێوازی ڤیکتۆر کە بە گەورەکردن تێك ناچێت، واتا وێنەکە پارێزگاری لە کوالێتی بەرزی خۆی دەکات لە ژێر هەر پلەیەکدا بێت، پێچەوانەی هونەری پێکسڵە کە کوالێتییەکەی تێك دەچێت بە گەورەکردنی وێنەکە.**



**ڤیکتۆرەکە هێڵ و شێوەی ڕاست لەخۆ دەگرێت، دەتوانرێ دروستبکرێت لە ڕێگای شێوازی ئەندازەیی، لەگەڵ کارپێکردنێکی تەواو بە پلەیەکی ڕوون و ڕەنگدار و سێبەرکردن و شتی تر. وە بەکاردێت بۆ دروستکردنی (لۆگۆ)ی کۆمپانیاکان و تابلۆی پڕوپاگەندە و وێنەی جوڵاو، تەنانەت لە چاپکردنی وێنەکێشانی ڤیکتۆری لەسەر کاغەز و جل و بەرگدا.**

### 2- وێنەکێشانی ڕاستەر Raster drawing

**هونەری وێنەکێشانی خاڵدارە** Raster drawing **لە خاڵی پێکسڵ پێکێت کە لە تەنیشت یەکترن، هەرچەند ژمارەی یەکەکانی پێکسڵ لە وێنەکەدا زیاد بکات، کوالێتییەکەی باشتر دەبێت. وێنە کێشانی ڕاستر بە شێوەیەکی فراوان لە هەموو لایەنەکانی وەیب و باگگراوندی ویندۆز و شتی تردا بەکاردێت.**



**لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانرێت وێنەکانی ڕاستەر بەبێ کێشە بچووك بکرێتەوە، بەڵام لە کاتی گەورەکردنی وێنەکەدا کێشەی پێکسڵەکە دەردەکەوێت وەك چوارگۆشەی بچووك کوالێتی وێنەکە تێك دەدات. وە لە گرنگترین خاسییەتەکانی وێنەکێشانی ڕاستەر تێچوونی کەمترە لە ڤیکتۆر، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا پێویستی بە ڕووبەرێکی گەورەی خەزنکردن هەیە هەرچەندە کوالێتی وێنەکە زیاتر بێت.**

## 3- هونەری تەواوکەری Integrated art:

**هونەری تەواوکەری بە شێوەیەکی خێرا پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە، بەوەی کە خاسییەتی باش فەراهەم دەکات بۆ دروستکردنی کارێکی هونەری باش کە زیاد لە بەرنامەیەکی هونەری دیجیتاڵی تێدا بەکارهاتووە، یان یەك بەرنامەی تێدا بەکارهاتووە بۆ دەرهێنانی وێنەیەك زیاد لە جۆرێك کاری هونەری تێدا کۆبۆتەوە، واتە دەتوانرێت وێنەی ڤیکتۆری و ڕاستەر بەیەکەوە بەکاربهێنرێت، یان وێنەگرتنی فۆتۆگرافی لەگەڵ یەکێك لەمانە، یان بەکارهێنانی وێنەکێشانی ڤیکتۆری کۆمپیوتەر لەگەڵ یەکێکی تری دەستی.**



## 4- وێنەکێشانی دیجیتاڵی دوو دووری Digital Painting 2D :

**وێنەکێشانی دیجیتاڵی دوو دووری بە وێنەکێشانی کۆن دەچێت، بەڵام لەجێگای وێنەکێشان لەسەر کاغەزی سپی، یەکێك لە ئامێری تابلۆکانی تایبەت بە گرافیك، کاری وێنەکێشانەکە لەسەر ڕوویەکی بەتاڵ ئەنجام دەدرێت بەبێ زیادکردنی هیچ جۆرە کاریگەرییەك. وێنەکێشانی دیجیتاڵی دوو دووری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیزاینکردنی وێنەکێشانی دیجیتاڵی سەرنجڕاکێش.**



لەوانەیە وێنەکێشانی دیجیتاڵی دوو دووری لە چالاکی پڕوپاگەندەی کۆمپانیاکان بەکاربێت، وە بەدەستهێنانی مەبەستی ڕیکلامکردنی تر، لە پێناو ئەمەدا زۆرێك لە کۆمپانیا و خاوەن پرۆژە تایبەتەکان ژمارەیەکی زۆریان لەو کەسانە دامەزراندووە کە شارەزاییان لەم بوارەدا هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ ئاسانبوونی کاری چاککردن بەجیاوازی لەگەڵ وێنەکێشانی کۆن (باو)، وە فەراهەمکردنی کات و کەلوپەل.

## 5- وێنەکێشانی دیجیتاڵی سێ دووری 3D Digital Painting:

وێنەکێشانی دیجیتاڵی سێ دووری 3D یەکێکە لە جۆرە پێشکەوتووەکانی هونەری وێنەکێشانی دیجیتاڵی، بنکەیەکی جەماوەری زیاتری هەیە لە وێنەکێشانی دیجیتاڵی دوو دووری 2D، هەندێك فلتەری زیاتری بۆ زیاددەکرێت کە وا لە وێنەکە دەکات زۆر نزیك بێت لە ڕاستی، دووریيەکی قوڵ و واقعی بینینی باشتری دەداتێ، وا لە وێنەکە دەکات کە سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت زیاتر لە وێنەی دیجیتاڵی دوو دووری 2D.



ئەمەش کاریکردە سەر زۆربوونی سەردانیکەرانی کڕیارەکان، چالاکییە بازرگانییەکان کە وێنەی سێ دووری 3D لەخۆ دەگرن زیاتر سەرکەوتوو بوون بە جیاوازی لەگەڵ وێنەی دیجیتاڵی دوو دووری 2D. بەرنامە سەرەکییەکانی وێنەی سێ دووری 3D بریتیین لە: Pixologic Zbrush , Adobe Substance 3D Painter

## 6- هونەری دیجیتاڵی پارچەیی (کۆلاج) Digital Collage:


هونەری دیجیتاڵی پارچەیی لە کرداری کۆکردنەوەی وێنەی بۆنە جیاوازەکان بۆ دروستکردنی یەك وێنە هەموو وێنە جۆراوجۆرەکان لەخۆ بگرێت. بەکارهێنەری هونەری دیجیتاڵی پارچەیی Digital Collage پشت بە کۆمەڵێك ڕەگەزی خاوەن بیرۆکەی جیاواز دەبەستێت،وە تێکەڵکردنیان لەگەڵ یەکتری تا وێنەیەك بە بیرۆکەی نوێمان دەست بکەوێت



بیرۆکەی هونەری دیجیتاڵی بە بیرۆکەیەکی نوێ دانانرێت، ئەگەر بزانین نیگارکێش بیکاسۆ یەکەم کەس کە ئەم بیرۆکەیەی بەکارهێنا لەسەر تابلۆیەکی زەیتی، وە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، هونەرمەندەکان ئەم تەکنەلۆژیایەیان خستە خزمەتی کاری هونەری دیجیتاڵی جیاواز.

## 7- وێنەی دیجیتاڵی Digital Photography


وێنە لە هەموو جۆرەکانی هونەری دیجیتاڵی زیاتر بەکاردێت، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمپیوتەری و سیستەمەکانی چاککردنی وێنەکان، دەستەواژەی وێنەی دیجیتاڵی سەریهەڵدا، کە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی تێدا بەکاردێت بۆ چارەسەرکردنی وێنەکان، لە شوێنی چارەسەرکردنی کیمیاویی کە پێشتر لە کامیرای فیلیمی پێشتر بەکاردەهات.



لە گرنگترین فاکتەرەکان کە یارمەتی سەرکەوتنی وێنەی دیجیتاڵی دەدات بریتییە لە ڕۆناکی و چاککردن دوای وێنەگرتنەکە، کە وێنەگرەکە دەتوانێت دەیەها بەرنامە و پرۆگرامی تێدا بەکاربهێنێت بۆ چاککردنی وێنە گیراوەکە. لە باوترین بەرنامەکانی بریتییە لە: بەرنامەی ئەدۆب فۆتۆشۆپ Adobe Photoshop

## 8- وێنەی داتشراوی دیجیتاڵی Digital Sculpting:

بیرۆکەی وێنەی دیجیتاڵی داتاشراو لە بیرۆکە داتاشراوی ڕاستی دەچێت، زۆرێك لە توانادارى بۆ بەکارهێنەرەکە فەراهەم دەکات، وەك: ڕاکێشان، ڕەنگکردن، پاڵنان، لێککردنەوە و شتی تر لە جوڵەی داتاشینی کۆن. لە زۆرترین بەرنامەکانی داتاشراوی دیجیتاڵی بریتییە لە بەرنامەی Zbrush کە کۆمەڵێك خاڵی نایاب دەدات بەو کەسانەی کە بەرنامەی داتاشراوی سێ دووری بەکاردەهێنن.



# شێوازی هونەری دیجیتاڵی

**دەتوانرێت شێوازەکانی هونەری دیجیتاڵی دابەش بکرێت بۆ سێ بەشی سەرەکی، ئەوانیش:**

- **شێوازی سفری: هونەرمەندەکە ئەم شێوازە بەکاردەهێنێت ئەگەر سەرەتاکەی بەوە دیزاینکردنی هەموو ڕەگەزەکانی پرۆژەکە لە سفرەوە بێ کۆپیکردن یان بێ لاساییکردنەوەی دیزاینی پێشتر دەستپێبکات.**
- **شێوازی کۆکردنەوە: ئەم شێوازە لە هونەری دیجیتاڵی پارچەیی (کۆلاج) بلاوە، هونەرمەندەکە هەڵدەستێت هەڵبژاردنی کۆمەڵێك لە ڕەگەزەکانی دیزاینە کۆنەکە وە کۆکردنەوەیان لەیەك فایلدا.**
- **شێوازی تێکەڵاو: ئەمە شێوازێکە لە نێوان سفری و کۆکردنەوە، هونەرمەندەکە کۆمەڵێك وێنە هەڵدەبژێرێت بەپێی بۆچوونی خۆی یان بەپێی پێداویستی پرۆژەکە چاکیان دەکات، وە هەندێك ڕەگەزی تر بەبێ چاککردن جێدەهێڵێت، یان لەوانەیە ڕەگەزێکی نوێ لەگەڵ ڕەگەزێکی کۆن پێکەوەبن.**

## قوتابخانەکانی هونەری دیجیتاڵی

**وێنەکێشانی هونەری دیجیتاڵی نوێ دابەش دەبێت بۆ سێ قوتابخانەی سەرەکی:**

### 1- قوتابخانەی هونەری دیجیتاڵی ڕاستی:

**دیزاینەکە چەند شێوەیەکی ڕاستەقینە لەخۆ دەگرێت، وەك: گوڵ، خانوو، کەس، ئەسپ و ڕەگەزی تریش. هونەرمەندەکە هەوڵدەدات تا بتوانێت کارەکانی لە ڕاستەقینەوە نزیك بێت و دەربڕی ڕوانگەی ڕاستەقینە بێت یا بەشێك لە ڕاستەقینە بەبێ زیادکردنی هیچ کاریگەرییەکی خەیاڵی.**

### 2- قوتابخانەی هونەری دیجیتاڵی خەیاڵی:

**هونەرمەندەکە لە قوتابخانەی هونەری خەیاڵی پابەند نییە بە ڕوانگەی ڕاستەقینە، بەڵکو لەوانەیە شتێك زیاد بکات یان نوێگەری ئەنجام بدات لە هونەری کۆندا، بەڵام بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك ئامرازێك بۆ جۆراوجۆرکردن یان دژیەککردن، کە ئەمەش لە قوتابخانەی سریالی دەچێت لە دەربڕینی خەیاڵی هونەرمەندەکە.**

### 3- قوتابخانەی هونەری دیجیتاڵی تەعبیری:

**لەم قوتابخانەیەدا ڕەگەزەکان لە ڕاستەقینە وەردەگیرێن، بەڵام بەپێی هەستی هونەرمەندەکە دیزاین دەکرێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تا چ ئاستێك لەگەڵ ڕاستەقینە نزیکە، ئەمەش لە ڕێگای گۆڕینێکی بەهێز لە هێڵەکان یان لە ڕەنگەکان یان لە گونجان لە نێوان قەبارەی شێوەکان لە دیزاینەکە.**

## بەرنامەکانی هونەری دیجیتاڵی Digital illustration

### 1- ئەدۆب فۆتۆشۆپ Photoshop:

تا ئێستاش بەرنامەی فۆتۆشۆپ یەکێکە لە باشترین بەرنامەکانی هونەری وێنەی دیجیتاڵی گشتگیر، ئەویش بەشێکە لە بەرنامەی Adobe Creative Cloud، بە مانای ئەوەی ئاسانی کارپێکردنی هەموو ئامرازەکانت، وەك: وێنە، هێڵەکان، ڕەنگەکان لە هەموو ئامێرە جۆراوجۆرەکان.

بەرنامەکە بەوە دەناسرێتەوە کە دەتوانێت کاری چاککردن و گۆڕان و یەکخستن و شتی تر لە هەڵبژاردەکان ئەنجام بدات، بۆ دروستکردنی جۆرەها دیزاینی بینین، وە دیزاینی وێنەی جوڵاو. کە ئەمانەش ئامرازی چارەسەرکردنی پێشکەوتووی وێنەی دوو دووری و سێ دووری بە ئاسانی ئەنجام دەدات.

هەروەها فۆتۆشۆپ ئامرازی پێشکەوتووی وا بەردەست دەکات کە وا دەکات هونەری دیجیتاڵی زۆر چێژبەخشتر و کاراماتر بێت، وەك: Color Efex Pro کە یارمەتی چاککردنی ڕەنگەکان و ڕاستکردنەوەیان دەدات، وە زاڵبوون بەسەر پلەی ڕۆشنی و تێربوون و شتی تر، وا لە وێنەکان دەکات کە زیاتر سروشتی و ڕاستەقینەتر بێت. هەروەها زیادکردنی (Blow Up 3) کە یارمەتی گەورەکردن و بچووککردنی دیزاینە دیجیتاڵییەکان دەدات بێ ئەوەی کار لە کوالێتی کارەکە بکات، کە ئەمەش یارمەتی خزمەتکردنی کاری چاپکردن دەدات.

### 2- Corel Painter:

بەرنامەی Corel بە باشترین بەرنامەکانی هونەری دیجیتاڵی سیستەمی Windows و MacOS دادەنرێت، کۆمەڵێك هەڵبژاردەی فراوان دەخاتە بەردەست بەهۆی ژمارەی فلچەکانی کە زیاترە لە 900 فلچە لە 36 کۆمەڵە، هەروەها ئامرازی Brush Accelreator خێرایی کرداری بۆیەکردن بە نزیکە 20 جار فەراهەم دەکات، لە ئەنجامی چاککردنی یەکەی چارەسەری ناوەندی / یەکەی چارەسەری وێنەکان.

بەرنامەی Corel و لەگەڵ ئامێری خستنەناوەوەی Wacom Cintiq و Intuos تەواوکەری یەکترن، بۆیە ئەمە گونجاوە بۆ دروستکردنی وێنەی هونەری دیجیتاڵی کە جێ پەنجەی کاری دەستی بە بەکارهێنانی پێنووسی دیجیتاڵی زیرەك پێوە دیارە.

### **Affinity Designer-3 .**

سەرەڕای نوێیی بەرنامەی Affinity Designer تا ڕادەیەك، بەڵام توانی بەسەر زۆرێك لە بەرنامەکانی هونەری دیجیتاڵی کۆنەکاندا زاڵ بێت، کە گونجاوە بۆ بەرنامەی Mac بەهۆی خاسییەتە خێرا و گونجاوەکانی. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە فۆتۆشۆپ هەرزانترە، ئەمەش وایلێکردووە ببێت بە هەڵبژاردەیەکی گونجاو بۆ لێکۆڵەران بەهۆی بەهێزی کارەکەی و کەمی نرخەکەی.

### 4- Autodesk SKeth Book:

بەرنامەی Autodesk بە باشترین بەرنامەی هونەری دیجیتاڵی دادەنرێت بۆ فێرخوازانی ئاستی یەکەم ( مبتدئ) تا بڵێی ئاسانە هیچ هەڵبژاردەیەکی ئاڵۆزی تێدا نییە، هەروەها بەکارهێنەرە سەرەتاییەکان زیاتر بەکاری دەهێنن چونکە زۆر شتی وردی تێدا نییە، هەروەها زیاتر لە 190 فڵچەی فەراهەم کردووە بە ئاسانی دیاریدەکرێن. کارەکانیش بە چەند شێواز خەزن دەکرێن وەك: PNG و TIFF.

### 5- Procreate:

بەرنامەی Procreate تایبەتکراوە بۆ هونەری دیجیتاڵی لەسەر iPad. زیاتر لە 200 فڵچەی تێدا هەیە، وە دەیەها خاسییەتی تایبەت، وەك: ئامرازی Drawing Assist، کە هەڵەی فڵچەکان یەکسەر ڕاست دەکاتەوە و فایلەکە خەزن دەکات، توانای گەڕانەوەی 250 پلەی هەیە بۆ دواوە، بێجگە لە خاسییەتی تر کە وا دەکات ببێت بە هەڵبژاردەی بەهێز بۆ ئامێری iPad.

## بەرنامەی فۆتۆشۆپ چییە؟

1- **بەرنامەی فۆتۆشۆپ**: بەرنامەی فۆتۆشۆپ بە بەرنامەی ڕێکخستنی وێنەکان دادەنرێت کە زۆر ڕوونە و داواکاری لەسەرە لە بازاڕدا، بە شێوەیەکی گشتی بەکاردێت بۆ چاککردنی ئەو وێنە و نیگارە دیجیتاڵیانەی کە بە دەست وێنەیان بۆ کێشراوە.

2- **بەکارهێنانەکانی فۆتۆشۆپ**: بەرنامەی فۆتۆشۆپ لە هەموو بەرنامەکانی تر زیاتر بەکاردێت لەلایەن دیزاینەران و پێشخەرەکانی سایتە ئەلیکترۆنییەکان، دیزاینەری گرافیك، وێنەگرەکان، خاوەن پیشە داهێنەرەکانی تر. کە زۆرێك لە خاسییەت و ئامرازی جۆراوجۆریان بۆ دابین دەکات بۆ ئەنجامدانی زۆرێك لە کردارەکان وەك:

1- چاککردنی وێنەکان: وەك یاریکردن بە ڕەنگەکان و گۆڕینی باکگراوندەکان، وە زیادکردنی کەسان و پارچە نووسراو لەسەری.

2- دروستکردنی دیزاینی ئەکاونتی سایتە ئەلیکترۆنییەکان پێش ئەوەی بەرنامەکەرەکان گەشەی پێ بدەن.

3- دروستکردنی وێنە و کاری هونەری.

4- خۆڕزگارکردن لە چاککردن.

جێگای بیرهێنانەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە بەرنامەی فۆتۆشۆپ هەیە کە دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت لە ڕێگای بەشداریکردن لە خزمەتگوزارییەکانی (Creative Cloud)ی تایبەت بە کۆمپانیای ئەدۆپ (Adope) بەرامبەر بڕێکی کەم لە پارە. وە بەکارهێنەرەکە بەپێی ئارەزووی خۆی دەتوانێت کاریان لەسەر بکات ئەوانیش:

Photoshop cc *

Photoshop Elements*

Photoshop Light room *

2- **مێژوویی فۆتۆشۆپ**: هەردوو برا تۆماس و جۆن نۆڵ لە ساڵی 1987 بەرنامەی فۆتۆشۆپیان گەشە پێکرد. تۆماس قوتابی بوو لە زانکۆی مشیگان بۆ وەرگرتنی پلەی دکتۆرا و بەرنامەیەکی نووسی بۆ مەبەستی وێنە ناوی نا (Display) دوایی بە یارمەتی براکەی (جۆن) ئەم بەرنامەیەیان گۆڕی بۆ بەرنامەیەکی تەواو ناویان نا (فۆتۆشۆپ). لە دواییدا هەردوو براکە بۆندێکیان لەگەڵ کۆمپانیای (Bameyscan) بۆ پرێنتی ڕووناکی مۆرکرد بۆ بڵاوکردنەوەی کۆپییەك لە بەرنامەکە لەگەڵ هەر پرێنتێك کە کۆمپانیاکە دەیفرۆشێت. بەمەوە کۆمپانیاکە 200 دانەی لە بەرنامەکە فرۆشت. لە دواییدا جۆن پەیوەندی کرد بە کۆمپانیای (Apple) و(Russel Brown) بەڕێوبەری هونەری لە کۆمپانیای (ADOBE) کە لە ساڵی 1988 بڕیاریدا بە کڕینی ڕێپێدانی بڵاوکردنەوە. جۆری یەکەمی بەرنامەی فۆتۆشۆپ لە 19 شوباتی ساڵی 1990 بڵاوکرایەوە کە ڕاستەوخۆ بۆ کۆمپیوتەری ماکنتۆش بوو.

## بەرنامەی فۆتۆشۆپ چییە؟

بۆ یەکەمجار بەرنامەی فۆتۆشۆپ لە ساڵی 1987 سەرهەڵدا کاتێك (تۆماس نۆڵ) هەڵسا بە کارێکی پراکتیکی گرافیك لەسەر ئامێری ماکنتۆش بلەس. کاتێك هەڵدەستا بە خستنەڕووی وێنە یەك ڕەنگەکان بە پلەی ڕەنگکاری خۆڵەمێشی جیاواز. ناوی بەرنامەکە (Display) بوو ئینجا براکەی کە ناوی ( تۆم نۆڵ) بوو گەشەی بە بەرنامەکە دا خاسییەتی چاککردنی وێنەی بۆ زیادکردو یەکەم دانەی فۆتۆشۆپ ناوی (Photoshop Version 0.07). لە کۆتاییەکانی ساڵی 1988 کۆمپانیای ئەدۆپی هەڵسا بە کڕینی بەرنامەکە وە لە ساڵی 1990 کۆمپانیای ئەدۆپی ڤێرژنی (Photoshop 1.0) دەرکرد کە خاسییەتی چاککردنی ڕەنگەکان و زیادکردنی چاککردنەکان (Retouching) لە دواییدا ڤێرژنی پاڵپشتیکردن و پاڵەپەستۆکردن (cmyk) و زیادکردنی قەڵەمی ئامرازەکان(Pen tool). بە بەسەرچوونی ساڵەکان ڤێرژنی نوێ کەوتە بەردەست بەکارهێنەران تا ساڵی 2003 کۆپی CS دەرچوو کە کورتکراوەی (Creative Suite)ە کە کۆمەڵێك بەرنامەی تایبەتە بە دیزاینەرانی گرافیك. لە گرنگترین بەرنامەکانی فۆتۆشۆپە. دەرچوونی ڤێرژنەکان بە دوایەکدا هاتن تا گەیشت بە (CS6) ئینجا دەرچوونی دوا ڤێرژن کە ئێستا لە بازاڕدا هەیە ئەویش ڤێرژنی (CC)یە، کە کورتکراوەی (Creative Cloud)ە.

**بەکارهێنانەکانی فۆتۆشۆپ زۆر و جۆراوجۆرن، ئەمەش گرنگترین بەکارهێنانەکانی لەگەڵ چەند نموونەیەك**

1- **ڕاستکردنەوەی وێنەکە:** **توانای فۆتۆشۆپ لەوەدا دەردەکەوێت کە توانای ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی هەیە کە لە وێنە دیجیتاڵیەکەدا هەیە، وەك: چاککردنی ڕەنگەکان، ڕاستکردنەوەی ڕۆناکی، شتی تر.**



2- **چاککردنەکان:** **فۆتۆشۆپ زۆرێك لە ئامرازی هەیە کە توانای ئەنجامدانی چاککردنەوەی لەسەر وێنەکاندا هەیە، وەك: لابردنی خەوشی پێست، لابردنی خەوشی وێنە کۆنەکە، زۆرێك لە شتی تر.**




3- **پێکهاتەکان:** **یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی فۆتۆشۆپ ئەوەیە کە توانا تێکەڵکردنی ژمارەیەك لە وێنە هەیە بۆ بەرهەمهێنانی وێنەیەکی نوێ جیاواز بێت لە وێنە بەکارهێنراوەکانی پێشتر.**



4- **فلترە هونەرییەکان**: لە خاسییەتە چێژبەخشەکانی فۆتۆشۆپ ئەوەیە کە توانای بەکارهێنانی فلتەری جۆراوجۆری هەیە بۆ زیادکردنی فلتەری نویچ بۆ سەر وێنەکە. ئەم فلتەرانەش زۆر زۆرن و بەردەستن و دەتوانرێت زیاد بکرێن بەپێی پێویست.



5- **نیگاری دیجیتاڵی**: فۆتۆشۆپ لە باشترین بەرنامە بەکارهێنراوەکانە لە "وێنەی دیجیتاڵی" بەوە دەناسرێتەوە کە کۆمەڵێك ئامرازی وێنەکێشانی هەیە.




6- **زیادکردنی نووسین**: فۆتۆشۆپ ئامرازی زیادکردنی نووسینی هەیە بۆ وێنەکان، لەگەڵ هەڵبژاردن و گۆڕینی نووسینەکە و قەبارەی نووسینەکە لەگەڵ زیادکردنی چەندین فلتەر بە ڕێگای جوان و ڕازاوە.




**7- دیزاینکردنی سایتە ئەلیکترۆنییەکان:**


یەکێك لە خاسییەتە گرنگەکانی فۆتۆشۆپ ئەوەیە کە توانای" دروستکردنی" دیزاینی هەیە لەگەڵ ناردنی بە شێوازی HTML بۆ دانانی کۆدی شایستە، کە بە ئاسانی یارمەتی دیزاینکردنی ڕووی سایتە ئەلیکترۆنییەکان دەدات.



**8- ئامادەکردن بۆ چاپکردن:** بە شێوەیەکی ئاسایی فۆتۆشۆپ بەکاردێت بۆ چاککردنی وێنە لە شێوازی RGB بۆ حاڵەتی CMYK کە ڕێگە دەدات بە لێك جیاکردنەوەی ڕەنگەکان تا ئەو کاتەی شیاوە بۆ چاپکردن.



**9- دیزاینی سێ دووری:** فۆتۆشۆپ توانای بەرهەمهێنانی شێوەی سیچ دووری هەیە، بەڵام باشترین بەرنامە نییە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵکو بەرنامەی باشتر و تایبەتتر هەیە بۆ ئەمە.



10- چاککردنی ڤیدیۆ: دەتوانرێت فۆتۆشۆپ بەکاربهێنرێت لە ڕاستکردنەوەی ڕەنگ و ڕووناکی لە ڤیدیۆدا، بەڵام تواناکەی دیاریکراوە، بەرنامەی تایبەت هەیە بۆ ئەم مەبەستە کە هەڵبژاردەی پێشکەوتووی زیاتری تێدا هەیە لە فۆتۆشۆپ.

